# ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە (حەلقەی ئەد یبانی کۆمۆنیست)

لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو،بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق تازە کەوتوبووە جوولە و دەنگ هەڵبڕین.گەر چی دەنگەکان زۆربەیان ناشاز و لێڵ بوون،بەڵام ئەو جووڵەیە بەردەوامی بە خۆوە گرت و نەوەستا.ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی غێراق گەلێك سیفات و تایبەتمەندی لە خۆ هەڵگرتبوو کە باس کردنیان کاری ئەم ووتارە نی یە،ئەوەی زیاتر لەم نووسینە ئەمەوێ لای لێ بکەمەوە(حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ە،کە وەك بەشێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی چەپی نوێ کە خەریکە وەکو هوئەو دەیان ڕێکخراوەی لێ بێ کە لە بزووتنەوەکە بێ سەر و شوێن بوون و کران و تەنیا لە بیر و ویژدانی نەوەیەك لە هەڵسوڕاوانی چەپ دا ماون.

## **پێك هاتنی( حەلقەی ئەد یبانی کۆمۆنیست)**

لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە کاتێکدا بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق لە لایەکەوە بە توونێدی لەژێر کاریگەری و کارکردی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەدەب و فەرهەنگی ئەو حیزبە بوویە تایبەت (کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکارانی کوردستان)،لە لایەکی تریشەوە بوونی بۆشایی لە مەیدانی نەبوونی فەرهەنگێکی ئینسانی و پێشکەوتووخواز، ئەمە زەمینەی دروست بوون و پێك هاتنی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ە کە لە حوزەیرانی ساڵی 1987دا لە شاری هەولێر پیك هات.دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبان ئەم بەڕێزانە بوون.

1 جەمال کۆشش  کە سەرەتا بە (شۆڕش هیومانست)دەستی پێ کرد و بەرهەمی بڵاو دەکردەوە؛

2 مەشخەڵ

3 هۆشەنگ

لە کۆبوونەوەکانی سەرەتادا بڕیار درا گۆڤارێك،یان ئۆرگانێك دەربکرێ بە ناوی (ڕابەر).

حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەیاننامەی مەوجودیەتی خۆی لە حوزەیرانی 1987 دا بڵاو کردەوە و یەکەمین ژمارەی (ڕابەر)هەر لە ساڵی 1987 بڵاو بۆوە. حەلقەکە زۆر بزێو بوو.سەرباری بڵاو کردنەوەی چەندین بەرهەمی ەدەبی و ڕەخنەیی،هەولی دەدا دیدگای سیاسی خۆی بڵاو بکاتەوە و سنوور بەندیش لەگەڵ ڕێکخراو و حەلقە و گروپەکانی ئەو کات بکات.بەم کارە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)تا دەهات لەئەرك و

مەهامە سروشتی یەکانی خۆی دوور دەکەوتەوەو مەیلی سیاسیشی تا دەهات نزیك و نزیکتر دەبۆوو لە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست).لێرەوە کێشەی دەروونی لە حەلقەکە پەیدا بوولە نێوان (هۆشەنگ) لە لایەك و جەماژ کۆشش و مەشخەڵ لە لایەکی تر،تا پاش چەند کۆبوونەوەو پلینیۆم،ەوە بوو (هۆشەنگ)لە حەلقەکە دەر کرا و حەلقەکەش وا بەستەیی سیاسی خۆی بۆ ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ڕاگەیاند.ئیتر لە ژمارە 5 ی (ڕابەر)بە دواوە تا ژمارە 11 (واتە لە 1988 ەوە تا 1991 ) حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێك هاتبوو تەنها لە مەشخەڵ و جەمال کۆشش.

## **وەلامێکی درەنگ**

بەڕێز شوان محەمەد لە هەولێکدا بۆ نوسینی مێژووی ئەدەب و هونەری کرێکاری لە کوردستانی غێراق لە ژێر ناوی (شەرح و تەرح)دا کە لە گۆڤاری شەبەنگ ژمارە (4,5) دا بلاوی کردۆتەوە دەنوسێ((ڕابەر لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1988 بە هاوڵ و کۆششی چەند نوسەرێك (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)پێك هات پاشان ژمارە 1 ی گۆڤاری ڕابەر بە شێوەیەکی نهێنی دەستاو دەستی دەکرد، حەلقەکە بریتی بوون لە (جەمال کۆشش،مەشخەڵ،هۆشەنگ)

ڕابەر بە دەست و خەت دەنوسرایەوە بە کاربۆن چەند تیراژی لێ بەرهەم دەهێنرا.ڕابەر تا ساڵی 1991 ،12 ژمارەی لێ دەر کرا کە ژمارەی 12 بۆ یەکەم جار و دوا جار بە تایپ نوسرابووەوە،بێجگە لە دوو نامیلکەی نوسراوی دژی شەڕ و نامیلکەیەك ووتارەکانی لینین کە ڕابەر وەری گێڕابووە سەر زمانی کوردی،پاش دەرچوونی ژمارە 5 ڕابەر وابەستەیی خۆی بە یەکێك لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەو دەمەوە ڕاگەیاند،پاشان لە جێی حەلقە بوو بە بە (ئۆرگانی تیۆری ئەدەبی مارکسستی) لێرە بە دواوە (ب.سۆلین)لە جێی(هۆشەنگ ) کاری دەکرد)).

سەرەتا ئەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە:

یەك/ نوسینەوەی مێژووی ئەدەب و هونەر و مامڵە کردن لەگەڵ مێژوو پێویستی بە بەرخوردی بابەتیانە هەیە تا ڕاستی یەکان وەکو خۆی بخرێنە بەر چاو،هەڵسەنگاندن دەبێ بەپێی واقیع بێ نەك بە پێی ئارەزووی نووسەر.مێژوو نوسی واقعی و هەڵسەنگێنەری ماددی جیاوازە لە هەر قەڵەم بە دەستێکی وەك شوان محەمەد کە لە مانای نوو سینەوەی مێژوو حاڵی نەبووە.

دوو/حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ساڵی 1987 پێك هات نەك 1988

سێ/ (ب.سۆلین )هەرگیز لە جێگای(هۆشەنگ ) کاری نەکردوە،بەڵکو ب.سۆلین ئەندامێکی چالاك و نووسەرێکی بە توانا و خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت بوو.

چوار/ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نەك تەنها 3 نامیلکە بەڵکو زیاتری بڵاو کردەوە وەك

1 چرای شۆڕش نامیلکە شیعر مەشخەڵ ساڵی 1989 .

2 پێنج ووتاری لینین دەربارەی تۆڵستۆی هۆشەنگ لە عەرەبی یەوە وەری گێڕابوە سەر زمانی کوردی ساڵی 1988 .

3 دیوارەکان دەڕوخێنین بریخت مەشخەڵ بەناوی (دلاوەر حسێن)ەوە بڵاوی کردەوە لە غەرەبی یەوە کردبووی بە کوردی ساڵی 1990 .

4 کۆمەڵێ پەخشان نووسینی ب.سۆلین ساڵی 1990 .

5 چەند پاشکۆی ڕابەر وەکو نامیلکە بڵاو کرانەوە.

پێنج/ژمارە 12 ی گۆڤاری ڕابەر ،جەمال کۆشش بە تەنها لەگەڵ چەند ئەدیب و نووسەری تر بڵاویان کردەوە مەشخەڵ هیچ پەیوەندی یەکی بە ژمارە 12 نەبوو.

شەش/چەند نموونە لە بەرهەمە بڵاو کراوەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

*بڵاو کردنەوەی دەقی ئەدەبی و هونەری لە شیعر و پەخشان چیرۆك و ئۆپەرێت و شانۆ نامە و سروود

*وەرگێڕان و دەست بردن بۆ ئەم کارە لە چەشنی 5 ووتارەکەی لینین لەسەر تۆڵستۆی و ووتاری (ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی) لینین و شیعرەکانی بریخت.

* نوسینی چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی وەکو

1 ڕەخنەی ئەدەبی مارکسستی بە زنجیرە نوسینی جەمال کۆشش

2 دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لە ئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلی دا بە زنجیرە نوسینی مەشخەڵ

3 ئەناتۆمیزمی ڕۆمانی شار لە دیدگای مەنتق و تاریخ دا نوسینی جەمال کۆشش

4 شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر،یان لە زاتی شیعر؟ نوسینی مە شخەڵ

5 چەندین وتار و دیراساتی تر.

حەوت/لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی 1991 و بریندار بوون و سوتانی مەشخەڵ و دواتر کار کردنی لە یەکێتی بێکاران لە کوردستان و هەروەها کار کردنی جەمال کۆشش لە بواری پێشمەرگایەتی و بە

ڕێوەبردنی مەقەڕی (ڕەوتی کۆمۆنیست)لە شاری هەولێر ،ئیتر حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە فیعلی کۆتایی هات و ئەرشیفی حەلقەکە ش لە کاتی ڕاپەڕین دا تیا چوو.

## ***هەڵسەنگاندنێکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ****

**حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان سوننەت و شێوازو کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو،لە یەك کاتدا هەم کاری سیاسی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام ئەدا.خودی ئەم تێکەڵیەش بۆ خۆی نا ڕۆشن بوونی دیدگای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی و ڕێکخراوی سیاسی ، .ئەم تێنە گەیشتنە کاریگەری سلبی هەبوو و تەنانەت هەندێك لە شاغیر و نوسەرانی بزووتنەوەی چەپی ئەو کات هەڵوێستی بەرەنگاریان وەرگرت لە بەرامبەر (ڕابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست).

**مەسەلەی تەوەرە سەرەکی یەکانی خەباتی (ڕابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)کە خۆی لە (شی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی واقعییاتی سۆشیالیستی) و (ڕەخنەی ئەدەبی مارکسستی) و (ئیستاتیکا)دا چڕ کردبۆوە،سەرباری هەنگاوی جدی و باش بۆی،بەڵام تا حەددێك بە هەدەر دانی بەشێك لە ووزە و توانایی یەکانی حەلقەی ادیبان بوو بۆ وەڵام دانەوە بەم کێشانە، کە لە ڕاستی دا گرفتی سەر ڕێگای خەباتی ئەوسای ئێمە نەبوو.

**خودی ململانێی نێوان هۆشەنگ لە لایەك و مەشخەڵ و جەمال کۆشش لە لایەکی تر لەسەر وابەستەیی سیاسی حەلقەکە و ڕابەر و پاشان لەسەر مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و هونەری،لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێگەیشتنی دروستمان نەبوو لەسەر کارەکانمان ،هەڵسوڕاویمان ،مەسەلەی دەق و ئیبداع،سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن،کە بە بڕوای من هۆشەنگ لە بەشێك لە تێڕوانینەکانی دا دروست بوو.

**گرتنەبەری شێوازی سیاسی لە نوسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبونەوە و پلینیۆم و کۆنگرە ،بە تایبەت بۆ حەلقەیێکی (3-2)کەسی ،خۆی گەورە کردن و زهن گەرایی حەلقەکە بوو لە بواری ڕێکخستن و ئارایشت دانی خۆیی و دەورو بەری.

**بڵاو بونەوەی ڕابەر بە دەستنووس و لە موحیتێکی زۆر بەر تەسك دا (بە لەبەر چاو گرتنی دەسەڵاتی ئیستبدادی بەعس لەو سەردەمە)،کاریگەری نێگەتِڤی هەبوو بەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نوسەرانی چەپی ئەو کات.

**لەگەڵ هەموو ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد ،(ڕابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)،وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەلە مێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنێ و توانی گەلێك هەنگاوی جددی هەڵگرێ لە داڕشتنی بناغەی ئەدەبێك کە پێی دەوترا ئەدەبی کرێکاری.

........................................................

........................................................عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)     25-02-2002

.....................................................ڤانکوڤەر/کەنەدا